لەم ژمارەیەدا

ل3 ریپۆرتاژێك لەكەركوكەوە

ل4 پیرۆزی هاوڕێیەتی، لەدوای پیرۆزی دایكەوەیە

ل5 نامەیەك بۆ باوكی شەهیدم لەشەوی شەهید بونیدا......

ل6 سێكسفرۆش و سێكسكڕ لەیەك تای تەرازوودان



# ڕۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەكی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە, حزبی رزگاریی كوردستان دەری دەكات

ژمارە (149) یەكشەممە 2006/5/28


## 6 مانگی دیكە چارەنووسی عێراق دەردەكەوێ

پێگەی هەفتەنامەی ئیكۆنۆمیست لەلێكدانەوەیەكی خۆیدا شەش مانگی داهاتووی بە گرنگو یەكلاكەرەوە بۆ چارەنووسی عێراق دیاریكردووە. پێگەكە نووسیویەتی: ئەگەر هێزەكانی ئەمریكاو بەریتانیاو حكومەتی عێراق تا شەش مانگی دیكە نەتوانن ئارامیو ئاسایش بۆ شارەكان بگێڕنەوە، واتایەك بۆ یەكگرتووی عێراق نامێنێتەوە، دەبێ خۆیان بۆ هەڵوەشانەوەی عێراق ڕێكبكەون. ڕوانگەی سیاسەتمەداران بۆ گێڕانەوەی ئاسایش پەنجا بە پەنجایە. پێگەی ئیكۆنۆمیست نووسیویەتی توندوتیژی نێوان شیعەو سوننە بەشێوەیەك ترسناكە كە ئومێدی ئاشتبوونەوەو ئاسایشی لێناكرێ.

# پەرلەمانتێرێك زانیاری ناڕاست بدات،

# پێویستە لە پەرلەمان دەربكرێ و دادگەیی بكرێ

## جێگری سەرۆكی وەزیران ویستوویەتی گەورە تیرۆریستان ئازاد بكات

بەگوێرەی هەواڵەكان ڕۆژی پێنج شەممە 2006/5/25 دوای دەوامی ڕەسمی (سەلام ئەلزوبعی) جێگری یەكەمی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی حكومەتی عێراق لەناكاو سەردانی بارەگای لیوای موسەنا كە پاراستنی ئاسایشی ناوچەی ئەبوغرێبی لەئەستۆدایە، كردووە. لەو سەردانەیدا هەوڵی داوە كە موعەمەر ئەلزوبعی برایو ئامۆزایێكی دیكەی كە دوو تیرۆریستی ناسراونو لەزینداندا ڕاگیراون، ئازاد بكات. ناوبراو بە وەكالەت وەزیری بەرگرییەو دەبێ ئەفسەرانی سوپا فەرمانەكانی جێبەجێ بكەن، بەڵام ئەفسەرانی لیواكە لەوە ئاگادرابوونە كە ئەو سەردانە بەبێ ئاگاداری سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانو بەمەبەستی ئازادكردنی براكەیو ئامۆزاكەی ئەنجامدراوە، بۆیە گوێیان بەفەرمانەكانی نەداوە.



لەلایەكی دیكەشەوە داوای كردووە تەواوی بازگەكانی ئەو ناوچەیە هەڵبگیرێن، بەڵام ئەفسەرانی لیواكە لەوە دڵنیابوونە ئەگەر بازگەكان هەڵبگیرێن مەفرەزەی تیرۆریستان بە ئاسانی لەناوچەكەدا هاتوچۆ دەكەنو كاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، داواكەیان جێبەجێ نەكردووە، سەرەنجام ناوبراو بەنیگەرانیو تووڕەیی گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد.

سەرچاوە: صوت العراق

## ڕۆژەڤ

كاتێ ئەندامانی پەرلەمان سوێند دەخۆن، دەبێ بە سوێندەكەیان پێبەند بن. ئەگەر سوێندەكەیان لەگەڵ ڕەفتارو كردەوەی پێشووشیان نەیەتەوە، لانی كەم دەبێ ڕەفتارو كردەوەكانی داهاتوویان سەر ڕاست بكاتەوە. لەهەموو وڵاتانی جیهان ئەگەر دەربكەوێ كە ئەندام پەرلەمانێك لەرابردوو ناڕاستی گوتووە، كاری نابەجێی كردووە، تۆزقاڵێك بەرژەوەندی گشتی خوساندبێتەوە، ناچار دەكرێ دەست لەكارەكەی بكێشێتەوە. ئەگەر دەریش بكەوێت زانیاری ساختەی داوە، بەئەنقەست ناڕاستی گوتووە، حەسانەی لێدەسەندرێتەوەو ڕەوانەیماڵەوە دەكرێتەوە، لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا دەكرێو دادگەیی دەكرێ. ماوەیەك لەمەوبەر دەركەوت كە پەرلەمانتێرێكی هۆڵەندا بەناوی (ئایان هرسی عەلی) 15 ساڵ لەمەوبەر، كاتێ هاتۆتە ناو هۆڵەنداوە زانیاری ناڕاستی سەبارەت بە ناوی خۆی بە بەڕێوەبەرێتی پەنابەران داوە، لەبەر ئەمە خرایە ژێر پرسیارەوە، ئەندامێتیەكەی هەڵپەسێردرا، حەسانەی پەرلەمانیشی لێوەرگیرایەوە. لەوانەیە پاسەپۆرتو وڵاتیبوونیشی لێبسەندرێتەوەو ناچار بكرێ كە وڵاتەكە جێبهێڵێ.

لەم ڕۆژانەدا دەركەوتووە كە هەندێ پەرلەمانتێری كوردستان بۆ دەرماڵەی زیاتر ناڕاستیان گوتووە، زانیاری ساختەیان داوە، لەكاتێكدا دانیشتووی شاری هەولێرن، خۆیان بەدانیشتووی دەرەوەی شار ناونووسكردووە، مانگانە نیو ملیۆن دیناری زێدە لەسەر مووچەكەیان خستۆتە تەنكی باخەڵیانەوە. پەرلەمانتێر مووچەیەكی زۆر وەردەگرێتو دەتوانی زۆر باش پێی بژی، ئەگەر بۆ دەرماڵە زانیاری ناڕاستی گوتبێ، سوێندەكەی شكاوە. ئەگەر یەكێك سوێندەكەی بشكێنێ، دەبێ دادگەیی بكرێو سزا بدرێ. ئەگەر یەكێك بۆ نیو ملیۆن دینار ئامادەبێ ڕاستیەكان بشارێتەوەو پەرلەمانی وڵاتێك سەرچیغ ببات، گومان لەوەدانیە بۆ پێنج ملیۆن دینار نهێنیەكانی ئەو پەرلەمانەش دەفرۆشێ، ئەگەر پەرلەمانتێرێك بۆ نیو ملیۆن دینار دەستدرێژی بكاتە سەر بەرژەوەندی گشتیو زانیاری ساختە بدات، گومان لەوەدانیە بۆ پەنجا ملیۆن دینار كاری درێوتریش دەكات. بۆیە زۆر پێویستە كە پەرلەمانی كوردستان لەدەستپێكدا ئەندامێتی ئەو پەرلەمانتێرانە هەڵبەپەسێرێ، لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا بكات، ئەگەر دەركەوت زانیاری هەڵەو ساختەیان داوە، حەسانەی پەرلەمانیان لێوەربگیرێتەوەو ڕەوانەی دادگەیان بكات. ئێمە بەدەنگی بەرز دەڵێین: پەرلەمانتێرێك زانیاری ناڕاستو ساختە بدات، دەبێ ئەندامێتی لێبسەندرێتەوە، لەپەرلەمان دەربكرێو، دادگەیی بكرێو سزاش بدرێت.

## هەڵۆكانی كوردستان فڕگەی ئەتاتوركیان سووتاند



ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو 2006-5-24 لەنێو كۆگەی فڕۆكەوانی فڕگەی ئەتاتوركی شاری ئیستەنبۆڵی وڵاتی توركیادا تەقینەوەیەك ڕوویدا، ئاگر لەكۆگەكە بەربوو، سێ كارمەند بەسەختی بریندار بوون. ئاگرەكە بەشێوەیەك گەورەو كاریگەربوو كە تەواوی گەشتەكان ڕاوەستێندرانو ڕێبوارەكانو كارمەندانی فڕگەكە بەخێرایی لەشوێنەكە دوور كەوتنەوە. تیپەكانی ئاگركوژێنەوە لەزەوییو لە ئاسمان هەوڵی كوژاندنەوەی ئاگرەكەیان دەدا. سەرچاوەكانی پۆلیسی توركیا هۆكاری ئاگركەوتنەوەیەكەیان بۆ شۆرتی كارەبای گێڕایەوە، بەڵام دواتر گروپی بازەكانی ئازادی كوردستان بەرپرسیارێتی ئەو تەقینەوەیەی لەئەستۆ گرت، ڕاگەیاندراوێكیان بۆ ئاژانسی دەنگوباسی فورات ڕەوانە كردو دیاریان كرد كە ئەندامانی ئەوان لەوەڵامی ئەو ڕەفتارەی ڕژێمی توركیا كە بەرانبەر بە كورد بەڕێوەی دەبات، ئەو چالاكیەیان ئەنجام داوە.

## عێراق ژمارەی كوژراوەكانی پەردەپۆش دەكات

نێردەی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی) ڕەخنە لەحكومەتی عێراق دەگرێو بەوە تۆمەتباری دەكات كە بەئەنقەست ژمارەیەكی كەم لەكوژراوەكان بۆ میدیاكان ئاشكرا دەكات، ژمارەی ڕاستین دەشارێتەوە. لەدوایین ڕاپۆرتی نێردەكەدا هاتووە كە ڕەوشی توندوتیژی لەعێراق بەشێوەیەكی ترسناك پەرەی سەندووە، چەكدارەكان دەست لەكوشتنی ژنو منداڵو خەڵكی سڤیل ناپارێزن. میلیشیاكان بەدزییەوە خەڵكی نەیارانی خۆیان لەنێو دەبەنو ئازارو ئەشكەنجەیان دەدەن. لەعێراقدا كوشتنی بەكۆمەڵو ئەشكەنجەدانی ئاشكرا بەڕێوەدەچێ. بوونی هێزەكانی فرەرەگەز لەشارەكانی ناوەڕاست بەشێوەیەكی زۆر كاریگەری نەرێنی لەسەر مافی مرۆڤ داناوە. لەهەرێمی كوردستانیشدا كۆتو بەندی توند لەسەر ڕامانی ئازاد دانراوە، ڕۆژنامەكانو ڕۆژنامەنووسان لەژێر گوشاری دەستەڵاتدان. بەمەش ڕەوشێكی نالەبار و پڕ كارەسات هاتۆتە ئاراوە.

## حەماس دان بەئیسرائیل دەنێ

بەگوێرەی هەواڵەكان ڕۆژی شەممە 27-5-2006 ڕێكخراوی حەماس كە ئێستا حكومەتی فەلەستین بەڕێوەدەبات لەكۆبوونەوەیەكی هاوبەشیدا لەگەڵ لایەنە سیاسیەكانی دیكەی فەلەستینی پێشنیاری ئەوەی كردووە ڕێگەیەك بدۆزرێتەوە تا بەفەرمی دان بەئیسرائیل بنرێو لەگرفتی گەورەتر ڕزگارییان ببێ. هێزەكان پێیان باشە دانوستانو داننانەكە بەپێكهێنانی دوو دەوڵەتی فەلەستینو ئیسرائیل كۆتایی پێ بێ، ئەمەش داخوازێكی لەمێژینەی یەهودیەكانە. مەحمەد عەباس لەلایەن خۆیە پێشنیاری كردووە ئەگەر لایەنە فەلەستینیەكانو زیندانە سیاسیەكان نەگەنە ڕێگەچارەیەكی گونجاو، ئەو پەنا بۆ ریفراندۆم دەباتو لەرێگەی دەنگی خەڵكەوە ئەو كێشەیە یەكلا دەكاتەوە. لەلایەكی دیكەوە ئەیهود ئولمێرت سەرۆكوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە ئەگەر لەڕێگەی دانوستاندن نەگەنە ئەنجام ئەوان یەك لایەنە سنوورەكان دەشكێننو خۆیان جیا دەكەنەوە.




## بەنەزیر بۆتۆ: دڵم لەگەڵ كوردە



بروسك ڕەوشوان یەكێك لەو ڕۆژنامەنووسانە بووە كە ساڵی 2002 بەهاوڕێیەتی موراد بۆزلاق سەرۆكی هەدەپ بۆ بەشداربوون لەكۆبوونەوەی سۆسیالست ئینتەرناشیۆنال چۆتە شاری كازابلانكا. ئەو دەگێڕێتەوە: ئێمە چەند كوردێك دانیشتبووین، بەنەزیر بۆتۆ سەرۆك وەزیرانی پێشووی پاكستان هاتو لەگەڵمان دانیشت، بە ئامادەبووانی گوت: دایكم كوردەو خۆشم كچی كوردانم.

بەنەزیر سەبارەت بە دایكی گوتوویەتی كە دایكم كوردێكی كرمانشایە، ژنێكی سەركەوتوو، ژیرو لێهاتووە، من وانەكانی ژیانم لەدایكمەوە فێربوومە. دڵی من لەگەڵ نەتەوەی كورد دایە. لەمێژەوە چاودێری تێكۆشانی ئێوە دەكەم، لەو باوەڕەدام كە لەڕۆژێكی نێزیكدا بە ئازادی دەگەن. بروسك ڕەوشوان دەنووسێ، لێمان پرسی: مادام تۆ كوردیت، بۆچی كوردبوونت ئاشكرا ناكەیت؟!. بەنەزیر لەوەڵامدا گوتوویەتی: من زۆر حەز دەكەم، بەڵام ناتوانم. خۆتان ڕەوشی من دەزانن، باوكم كوژرا، هاوسەرەكەم لەزیندان دایە، خۆشم لەئاوارەییدا دەژیم. لەهەمووش گرنگتر ئەوەیە كە توركیاو پاكستان زۆر دۆستی یەكترن، ئەگەر كوردبوونی خۆم ڕابگەیەنم، ئەوە لەدژی من بەكار دێننو، ئەوەش نە لەبەرژەوەندی من دایەو نە سوودی ئێوەشی تێدا دەبێ، بەڵام دڵنیابن كە دڵم لەگەڵ ئێوەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی نێت كورد